www.helwist.com

## دیموکرات میانڕەو بوو، بەڵام کۆمەڵە لـەگەڵ دەوڵەتی "بازرگان"یش شەڕی دەکرد!



# گفتوگۆ لەگەل عزەت اللە سەحابی

**هادی محەمەدی**
Haval831@yahoo.com

**سـەرەتا:** عزت اللـه سەحابی تێکۆشـانی سیاسـی خـۆی لـە کۆتـایی دەیـەی1320دا و لـە ڕێکخراوی خوێندکاراندا دەست پێکرد. پـاش کۆتـایی خوێنـدن لـە زانکـۆی تـاران و، پـاش کۆدیتای 1332و ڕوخانی دەوڵەتی مصدق، تێکەڵ بە بزاڤی بەرەنگاری بوو و ڕۆژنامەیـەکی بەناوی "ڕێگای مصدق" چاپ و بڵاوکردەوە. لە درێژەی ئـەم چـالاکیانەدا، دەیـەی 1340 لـەگەڵ باوکی (دۆکتۆر یداللـه سەحابی) و تالقانی و مهدی بازرگـان حیزبـی "نهـچت ازادی ایران"یان دامەزراند. بەهۆی ئەم چالاکیانە لـە سەردەمی شـادا زۆر جـار تووشـی ئاسـتەنگ و زیندان هات و چەندین ساڵ لـە تەمەنی لـە زیندانەکانی قەسر، ئڤین، قزل قلعە، عـشرت ئابـاد، زندانی بەرازجان و عادل ئابادی شیراز تێپەڕ کرد.

سەحابی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی 1357 بوو بە ئەندامی "شورای انقلاب"، هەروەها بوو بـە ئەندامی کابینەی مهدی بازرگان، ماوەیـەکیش سـەرۆکی سـەنتەری پـلان دانـان بـوو، جگـە لـەوەش ئەندامی لێژنەی داریوش فروهەر بوو کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێـشەی کـورد هاتن بۆ کوردستان و لـەگەڵ لیژنەی نوێنەرانی گەلی کورد کۆبونەوە و دیالۆگیان کـرد و لـە نزیکەوە لـەگەل خواستەکانی گەلی کورد ئاشنا بوون.

سەحابی یەکەم جار لە کۆتایی دەیەی 1360دا و دووهەم جار لە کۆتایی دەیەی 1370دا سەرلـەنوێ بەتاوانی پێکهێنانی حیزبی نایاسایی و تێکدانی ئاسایشی وڵات و... گیرا، بەند کـرا و، حوکمی نارەوای بەسەردا سەپێنرا.

سەحابی هەرچەند لـەمەڕ کێشەی نەتەوەکانی ئێران دیدێکی تاڕادەیەك کراوەی هەیە و بە ڕێز و حورمەتەوە باسی خەباتی گەلی کورد دەکات، بەڵام هێـشتا خـۆی لـە چـەمکی شـۆڤێنیزمی ئێرانی ڕزگار نەکردووە. ***ئەو ئەگەرچی خۆی بـە کەسـێکی مەزهـەبی (لـە چەشـنی عرفـانی ئێرانی) دەزانێ، بەڵام لە شیکارییەکانی دا مێتۆدی دیالکتیکی مارکسیستی بەکاردێنێ. ئەمەش خاڵێکی گرنگە، چونکە زۆرێك لە مارکسیستەکانی ئێمە مێتۆدی دینی بەکاردێنن!***

به مەبەستی ئاشنایی زیاتر و بۆ پێکهێنانی دیالۆگ لەمەڕ کێشەی نەتەوەکانی ئێران، بەهاری ساڵی 1381 لە دەفتەری کارەکەی، لە لەواسانی تاران، گفتوگۆیەکمان لە گەڵی پێکهێنا، کە لە ژێرەوە دەیخوێننەوە.

* * *

ـ ئەگەر سێ بنەمای دەوڵەتی مۆدێرن بە ناسیۆنالیزم، تکنۆلۆژی و دیموکراسی بزانین، دەبینین کە هێشتا لە ئێران دەوڵەتی مۆدێرن پێکنەهاتووە، ئەمە لە کاتێك دایە کە ئێمە لە سەردەمی مەشروتەوە تا ئێستا لە چاخی گواستنەوە داین و نەمانتوانیوە مناسباتی کۆن و نەریتی تێپەڕێنین و مناسباتی مۆدێرن پێکبێنین، پرسیار ئەمەیە: بۆچی چاخی گواستنەوە لە ئێران ئەوەندە درێژەی کێشا؟

ـ ئەمە کێشەیەکی واقعی کۆمەڵگەی ئێرانە، بزاڤی مەشروتە بزاڤێکی دیموکراتیك بوو، بەڵام بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتی ئێران نەیتوانی بچەسپێت. یاساکانی بزاڤی مەشروتە تەنیا لەسەر کاغەز مایەوە و پراکتیزە نەکرا، هۆی ئەوە بوو کە ئێمە هێشتا لە کۆمەڵگەیەکی فیۆداڵی و کشت و کاڵیدا دەمانویست سیستمی مەشروتە کە تایبەت بە کۆمەڵگای سەنعەتیە دامەزرێنین. بزاڤی مەشروتەخواز ئیرادەیەکی پێشکەوتن خوازانەی هەبوو، بەڵام لەئاست فاکتی کۆمەڵایەتی زۆر لاواز بوو. ڕاست لەو کاتەدا کە بزاڤی مەشروتە رویدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێران زیاتر خێڵەکی و فیۆداڵی بوو. بەجۆرێك کە تەنانەت بەشێك لە ڕێبەرانی مەشروتە مڵکدار و فیۆداڵ بوون، کەوابوو پێکهاتەی سیاسی و سیستمی حکومەتی کۆمەڵگا ناتوانێ سەربەخۆ لە سیستمی کۆمەڵایەتی بێت. سیستمی کۆمەڵایەتی ئێمە سیستمی کۆمەڵایەتی سەنعەتی نەبوو. لە ئەوروپا شۆڕشی مەزنی فەرانسا لە بارودۆخێك دا رووی دا کە بزاڤی شۆڕشی سەنعەتی پێشتر دەستی پێکردبوو، چ لە فەرانسا و چ لە بریتانیا، لە ئاڵمان ئەمە پرۆسەیە تا ڕادەیەك درنگتر دەستی پێکرد. بەڵام دواتر ئاڵمانیش تێکەڵ بەم پرۆسەیە بوو. کەوابوو تێدەگەین کە شۆڕشی سەنعەتی لە ئەوروپا پێشتر لە شۆڕشی سیاسی کۆمەڵایەتی رووی دابوو. یەکێ لەو هۆکارانەی کە لە ئەوروپا شۆڕشی دیموکراتیك لەپاش شۆڕشی مەزنی فەرانسا شانسی هێنا و سەرکەوت ئەوە بوو کە ئەو وڵاتانە سەنعەتی کرابوون، یانی مناسباتی سیاسی کۆمەڵایەتی بەپێی شۆڕشی سەنعەتی پێکهاتبوو، کەوابوو لە فەرانسا خێڵ و بنەماڵەکان ئیتر رۆڵی کاریگەریان نەمابوو، بەڵکوو چین و توێژە تازەکان کە لە بەرهەمهێناندا رۆڵیان هەبوو، کاریگەر بوون. هەر بەمهۆیەوەیە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم (شۆڕشی مەزنی فەرانسا)وە تا 1872 کە کۆمونی پاریس تێکشکێدراو حکومەتی بورژوازی لە فەرانسا

دامەزرا، قۆناغێکی سەد ساڵە لە شەڕ و کێشەی نێوان سیستمی سیاسی نوێ و سیستمی کۆمەڵایەتی نوێ لەفەرانسا بەڕێوەبوو، تا سەرئەنجام دیموکراسیی بەرهەمی شۆڕشی فەرانسا سەقامگیرکرا. هۆکاریش ئەمە بوو کە بەستێنی شۆڕشی مەزنی فەرانسا شۆڕشی سەنعەتی بوو کە لە فەرانسادا گەشەی کردبوو، بەڵام لە وڵاتی ئێمە شۆڕشی سەنعەتی نەکراو هەربەمهۆیە یاساکانی مەشروتە کە لە یاسای وڵاتانی ئەورووپای وەرگیرابوو لەسەر کاغەز مایەوە و پێڕەو نەکرا. یاسای مەشروتە ئەگەرچی قانوونێکی پێشکەوتن خوازانە بوو بەڵام بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێران نەیتوانی سەرکەوێت. هەر وەك دیمان 15ساڵ پاش پەسەندکردنی قانونی مەشروتە کاتێ کودیتای ساڵی 1299 روویدا بەشێك لە کۆمەڵگای فیۆداڵی ئێران لەگەڵ سیستمی پاشایەتی نوێ یەکیان گرت و ماڵاوییان لە مەشروتە کرد. دواتر ڕەزاشا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و بەشێك لە مەلاکانیش داکۆکیان لێکرد. لە پارلمانی ساڵی 1304دا زۆربەی هەرە زۆری نوێنەران مەلا بوون و بۆ دەنگدان بە گۆڕینی سیستمی مەشروتە بۆ سیستمی پادشایی دەوری سەرەکیان گێڕا. ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی شکستی بزاڤی مەشروتە. ڕاستە ڕەزاخان لە سەرەتای حوکمڕانی دا لە مۆدێرن کردنەوەی وڵاتی ئێران دا دەوری هەبوو، بەڵام خۆی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕێبازی فیۆداڵەکانی گرتەبەر. لەجیاتی ئەوەی کە بزاڤی سەنعەتی بوون گەشە پێ بدات، یان ئاستەنگەکانی هەموار بکات، یان کارخانە و سەرمایەی زەمینداری و دەوڵەتی گەشە پێدات، یان سەرمایەی کشت و کاڵی پەرە پێدات دەستی کرد بە زەمین کڕین و کۆکردنەوەی ماڵ و سروەت. تەنانەت لە سەردەمی ڕەزاشادا کە بەڕای لایەنگرانی ئێرانی نوێ دروست دەکرێ، ئێرانی نوێ تەنیا بەڕواڵەت مۆدێرن بوو بەڵام لە نێوەرۆك دا کۆن و فیۆداڵی بوو. بەشی بەرینی بەرهەمهێنان بەرهەمی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری بوو، نە بەرهەمی سەنعەتی و پیشەسازی. ئەگەر پیشەسازی هەبوو زیاتر پیشەسازی دەوڵەتی بوو، ئەم پیشەسازییە خۆی زۆر کێشەی هەبوو کە لەپاش ڕەزاشا هەمووی دەرکەوت. کەوابوو لەو قۆناغەشدا کە لەپاش شۆڕشی مەشروتە "ئێرانی نوێ" پێکدێ، دیسان ئاڵوگۆڕی سەنعەتیبوون بەدی ناکەین. بەڕای من هۆکاری سەرەکی شکستی شۆڕشی مەشروتە هەر ئەمەیە. ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسیە لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێران سازگار نەبوو، خان و دەرەبەگەکان تا کۆتایی ڕەزاشا و تەنانەت تا سەردەمی حەمە ڕەزا شاش دەسەڵاتیان هەبوو. تەنانەت تا ساڵی 1340 پارلمانی ئێران پارلمانی فیۆداڵی بوو. خۆدی شاش لە کاتی ریفۆرمی زەمینەکاندا ئەم شتەی باسکرد، کە پارلمانەکانی پێشوو بەردەوام پارلمانی فیۆداڵەکان بووە. ئەم ڕاستیەکە کە دەبێ سەرنجی پێ بدەین. یانی تا ساڵی 1340 لە زۆربەی شارەکای

ئێراندا یان فیۆداڵەکان دەبوون بە نوێنەری پارلمان، یان کەسانێك کە ئەوان داکۆکییان لێدەکرد. تەنانەت ساڵی 1941 کە رێفۆرمی عەرزی روودەدات، دیسان ئاڵوگۆڕەکە ئاڵوگۆڕی رواڵەتیە و قوڵایی کۆمەڵگە ناگرێتەوە... لە پاش رێفۆرمی سپی شا خەڵك تێگەیشتن کە ئەو هەقیقەتە مێژووییە کە لە وڵاتانی رۆژاواییدا زەمینەی ئاسایش و رفای کومەڵگەی فەراهەم کردووە، یانی تکنۆلۆژی و دیموکراسی، لە ئێراندا بەشێوەی ریاکارانە چەواشە دەکرێت، ئەگەرچی شا ه لایەنگرانی بانگەشەی کۆمەڵگەی مۆدێرن و دیموکراتیکیان دەکرد، بەڵام دیسان بەچەشنێکی تر فیۆداڵیزم زاڵ بوو. یانی پاڵپشتی سیستمی پاشایەتی فیۆداڵیزم بوو و پادشاش لە ژێرەوە پاشکۆی وڵاتانی بیانی بوو. نە دیوانی شا دیوانێکی نەتەوەیی بوو، وەك سەردەمی فەرانسا، نە سیستمی کۆمەڵایەتی سیستمێکی سەنعەتی بوو. بەجۆرێك کە لە سەردەمی حەمە رەزا شایش دا هەندێك لە سەرمایەداران ئەم راستیەیان باس دەکرد. بۆ نموونە قاسم لاجوەردی خاوەنی گرووپی سەنعەی بێهشەر، گەورەترین گرووپی سەنعەتی ئەو سەردەمە، دەیگوت لە ئێراندا کەرتی تایبەتی ئەوەندەش تایبەتی نیە. یانی مەبەستی ئەوە بوو کە تا سەرمایەدار پاشکۆی حکومەت نەبێ و حکومەت داکۆکی لێنەکات، ناتوانێ درێژە بە ژیان بدات. کەوابوو کەرتی تایبەتی وڵاتی ئێمە وەك کەرتی تایبەتی ئاڵمانیا یان فەرانسا نەبوو کە خۆی بتوانێ سیستمی کۆمەڵایەتی رێك بخات و لە ناخی ئەم پێکهاتەوە سیستمی سیاسی رێبەری بکات. بەڵکوو کەرتێکی پاشکۆی دەربارەی پادشا بوو و پادشاش کەسێکی گەورە فیۆداڵ بوو، کەسێکی مۆدێرن و پیشەساز(تکنۆکرات) نەبوو. جگە لەمەش پێڕەو و پاشکۆی وڵاتانی بیانی بوو. ئەم راستیە لە شۆڕشی 1357دا بە زەقی دەرکەوت. زۆربەی مێژوونوسان گوتیان لاوازی سەرەکی شا ئەوە بوو کە گوێ لە مستی وڵاتانی بیانی بوو. یانی دەرباری ئێران دەربارێکی نەتەوەیی و سەربەخۆ نەبوو. داهاتی سەرەکی ئەم دەربارە ناسەربەخۆ و ناڕەسەنەش لە رێگە زەمینداری و گوندەکانەوە دابین دەکرا... یانی ئەگەرچی شا زۆربەی زەمینەکانی خان و دەرەبەگەکانی دابەش کرد، بەڵام سەمەرەی ئەم زەمینانەی دەبرد بۆ دەربار و لەم نێوەدا خۆی دەبوو بە فیۆداڵێکی گەورە. لە مێژوودا نزیکەی 1500 ساڵ پێش ئێستا دۆخێکی دیکە دەبینین کە لەگەڵ ئەم دۆخە هاوشێوەیە: نەوشیروانی ساسانی. نەوشیروانیش لەگەڵ دەربەگەکان کەوتە دژایەتی و سەرکوتی کردن، بەڵام بۆ خۆی وەك فیۆداڵێکی گەورە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. یانی دیسان سیستم فیۆداڵی بوو، لە ساڵەکانی 1340 تا 1357یش سەرلەنوێ ئەم شتە روویدا، یانی گەورە فیۆداڵێك لەئاست هەموو فیۆداڵەکان زاڵ بوو. فیۆداڵەکانیشی لەنێو نەبرد، بەڵکوو بەشێکیان تەسلیم بوون و لەگەڵ

سیستم کەوتن. ئەگەرچی زەمینەکانی گەورە فیۆداڵەکانیان دابەش کرد، بەڵام بەشی نەخت و پڕبەرهەم هەر بۆ خانەکان مایەوە. کەوابوو وەك دەبینین گەشەی سەنعەتی و کۆمەڵایەتی لە ئێران رەوتێکی نورماڵ و ئاسایی نەپێواوە، کەرتی تایبەتی پێکنەهاتووە، یان ئەگەر بەرێژە هەبووە، پاشکۆی حکومەت بووە. حکومەت ئەگەرچی بانگەشەی مۆدێرن بوون دەکات، بەڵام هێشتا رەگ و ریشەی لە سیستمی فیۆداڵی دایە. جگە لەوەش حکومەتێکی رەسەن و نەتەوەیی نیە، گرنگی بە سەنعەتیکردنی وڵات نادا و وڵات دەکاتە بازاڕی کاڵاکانی بیانی. کارناسانی حکومەتی شا بۆ خۆیان دەیانگوت کە سەنعەتی ئەو سەردەمە رێژەی زێدەبایی ئێجگار کەم بووە، هەر چەندە رێژەی بەهای زێدەبایی کەم بێت، گەوهەری سەنعەت خەوشدار دەبێ و گەوهەری پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ئەو بەرەو سەنعەتی مۆنتاژ دەچێ، یانی وابەستەیی وڵات زۆر زیاتر دەبێت. نموونەیەکی ئاماری باس دەکەم: ساڵی 1342 تێکڕای هاوردەی ئێران رادەی 500 ملیۆن دۆلار بووە، (ئەڵبەت بێجگە لە کەرەستەی سەربازی)، لە کاتێکا ساڵی 1356 تەنیا هاوردەی پیشەسازی ئۆتۆمبیل 3 ملیارد دۆلار بووە، ئەگەر باسی کەرەستەی نێوماڵە و کەرەستەی بەرقی بکەین، دەبێتە نزیکەی 21 ملیارد دۆلار. ئەمە سەنعەتیبوون نیە، بەڵکوو وابەستە بوونە، پاشکۆبوونی سەرمایەی بیانیە، کەوابوو ئەگەر تا ساڵی 1357 مەشروتە لە ئێراندا سەرنەکەوت و نەچەسپا هۆی ئەوە بوو کە لە قۆناغێکدا کۆمەڵگا بەتەواوی فیۆداڵی و بەرهەمهێنانی سەرەکی کشت و کاڵ بوو. لە دەیەی 1330 بەمەلاوە کە بەرهەمە سەنعەتیەکان گەشە دەکا و پیشەسازی رۆڵی گرنگ دەگێڕێ، دیسان نوێنەر و پاشکۆی سەرمایەی بیانیە. کەوابوو هەم تایبەتمەندی نەتەوەی شۆڕشی مەشروتە و هەم تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی ئەم شۆڕشە کە دەیتوانی مافەکانی خەڵك مسۆگەر بکا و هەموو تاکەکان بە مافەکانی خۆیان بگەیەنێ، بە سەرکەوتن نەگەیشت. تا ساڵی 57-1356 ئەو ماڵباتانەی کە لەگەڵ دەربار پێوەندییان هەبوو، دەسەڵاتدار بوون و ماف و ئیمتیازیان لە خەڵکی ئاسایی زۆر زیاتر بوو. بەڕای من ئەم فاکتانە هۆکاری ناکامی بزاڤی مەشروتە بوون.

ـ وەك دەزانین پێکهاتەی جوغرافیای سروشتی و کۆمەڵایەتی ئێران فرەچەشنییە، بەجۆرێك کە لە هەر هەرێمێکدا فەرهەنگ و زمانێکی جیاواز پێکهاتوون، تا جێگایەك کە ئەمرۆ کێشەی نەتەوەکانی ئێران کێشەیەکی سەرەکییە، سیستمە سانترالەکان تا ئەمرۆ وڵامدەرەوە نەبوون و نین، ئێوە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکان چ بەرنامەیەك بە گونجاو دەزانن؟

ـ راستیەکەی ئەوەیە کە بەهۆی فرەچەشنی سروشتی و فرەجۆری گرووپە کۆچەرەکان کە هاتونەتە ولاتی ئێران، ئێران ولاتێکی فرە قەومیە. یانی تورك لە ئازەربایجان، کورد لە کوردستان، عەرەب لە خوزستان، بەلوچ لە سیستان، تورکمان لە تورکمەنستان و... ئەمانە قەومە جیاوازەکانی ئێرانن کە فەرهەنگ و زمانی جیاوازیان هەیە. بەلام لە چەند شتێکدا هاوبەشن. سەرنج بدەن قەومەکان پەراکەندەن، بەلام نەتەوەکان وا نین، چونکە ئەو توخمانەی کە نەتەوە پێکدێنن، لەگەڵ توخمەکانی قەوم جیاوازن، قەوم لە هەرێمێکی سنورداری جوغرافیاییدا گەشەدەکات، بۆ نموونە کوردەکان لە کوردستان، یان تورکەکان لە ئازەربایجان، یان بەلوچەکان لە سیستان دان، ئەمانە هەموویان هەرێمی جوغرافیایی بەرتەسکن. هەموو ئەمانە وەك چەند توخمێك پێکهاتەی گەورەی ولاتی ئێران پێکدێنن و بەدرێژایی مێژوو ئاوا دابەش کراون. یانی پێشینەی ئەم دابەشبوونە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی هەخامەنشی. یانی عەرەبەکانی خوزستان چەند سەدە پێشتر لە هاتنی ئیسلام هەر لەو هەرێمە بوون. بەلام هەموو ئەم گەلانە چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەبووە: 1) پێشینەی مێژوویی، هەموویان لە ولاتێکدا بوون کە یەك حکومەتی هەبووە، لە سەردەمانی لاوازی و بێهێزی دا ئێران فیۆداڵیتە بووە، یانی تاران بەدەست گروپێکەوە بووە، خۆراسان بەدەست گروپێکی ترەوە بووە، بەلام کاتێ کە دەوڵەتێکی بەهێز و سەنترال پێکهاتووە هەموو ئەو هەرێمانەی یەکخستووە، بۆ نمونە لە سەردەمی ئەمپراتۆری سەفەوی دا هەموو هەرێمەکان یەکانگیرکراون. 2) پێشینەی زمانی، بۆ وێنە راستە کوردەکان بە زمانی کوردی قسەدەکەن و کوردی زمانی دایکیانە، بەلام بەهۆی پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تر و بەتایبەت فارسەکان بە باشی فارسی فێربوون و وەك فارسەکان قسەیان کردووە و شتیان نووسیوە. لەم بابەتەوە زۆر شاعیر و نوسەری کوردی فارسی نوسمان هەیە. لە ئازەربایجان و خوزستانیش بە هەمان شێوە. کەوابوو گەلانی ئێران سەرەرای فەرهەنگ و زمانی تایبەت بە خۆیان زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە. 3) مەزهەبی هاوبەش، کوردەکان،ئازەرییەکان، عەرەبەکان و بەلوچەکان و.. هەمویان موسڵمانن. شوێنە ناوەندییەکانی ئێران زیاتر شیعەن، بەلام هەرێمەکانی دەوروبەری ئێران بە زۆری سونین. لە بیرم دێ لەگەڵ چەند کەسێك باس و مناقشەمان دەکرد کە کام هۆکار دەبێتە هۆی یەکێتی و نەتەوەکانی ئێران لێکدەبەستێتەوە؟ هەندێ کەس دەیانگوت ئەو هۆکاری کە پێکهاتەکانی ئێران یەکدەخات و دەیانکات بە میلەت، زمانی فارسیە. من گوتم ئەم شتە لەگەڵ راستیەکانی ولاتی ئێران نایەتەوە، بۆ وێنە لە خۆزستان بەشێك لە خەڵك جیاییخوازن و دەیانەوێ خوزستان سەربەخۆ بێت. بەلام لە هەمان کاتدا بە فارسی قسە دەکەن و شیعریش دەنووسن.

یان لە کوردستان ئەو هێزانەی کە جیاییخواز بوون، ئەوانیش، زۆر زمانی فارسییان خۆش دەوێت. بۆ نمونە یادی بەخێر دۆکتۆر قاسملو لایەنگری خودموختاری بوو، بەڵام زۆر هۆگری زمانی فارسیش بوو، تەنانەت نیوەی شانامەی لەبەر بوو. یان لە ئازەربایجان بەشێ لەو کەسانەی کە دەڵێن دەبێ ئازەربایجان لە ئێران جیاببێتەوە و لەگەڵ ئازەربایجانی باکور یەك بگرێت، لەگەڵ زمانی فارسی کێشەیەکیان نییە، کەوابوو زمانی فارسی هۆی یەکێتی قەومەکانی ئێران نیە، بەڵام پرسی ئیسلام وەها دەورێکی هەیە. بەردەوام لە دەسەڵاتی ناوەندی ئێراندا هەندێ لە کوردەکان، ئازەریەکان، عەرەبەکان و... بەشدارییان کردووە. کەوابوو ئەو هۆکارەی کە قەومەکانی ئێران لێکدەبەستێتەوە و پێوەندی عاتفی لە نێویاندا پێکدێنێ و ئالۆگۆڕی کۆمەڵایەتی لە نێویاندا دروست دەکات، هەر لە پێوەندی بنەماڵەییەوە تا دانوستانی ئابووری، دینی ئیسلامە. کەوابوو مەبەستی گرووپی ئێمە لە دوو چەمکی "ملی مەزهەبی" ئەوە نیە کە هەموو بڕوامان بە ئیسلام هەبێت، ڕەنگە هەندێ کەس بڕوایان نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەمرۆ دینی ئیسلام لە ئێران بسڕینەوە قەومە ئێرانیەکان لێکترازێن و جیادەبنەوە. ئێمە مەزهەبمان وەك هۆکاری لێکبەستنی قەومەکان هەڵبژاردووە و پێمان وایە ئەم هۆکارە بنەماکانی نەتەوەی ئێران تۆکمە دەکات، یانی مەزهەبمان وەك بڕوای شەخسی هەڵنەبژاردووە، هەر شەخسێك ئازادە هەر بڕوایەکی هەبێت و هیچ کەس نابێ بێحورمەتی بە بڕوای خەڵکی تر بکات. بەڵام پێمان وایە دینی ئیسلام لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ و بناغەی پێکهاتەی نەتەوایەتیمان بەهێز دەکات. پێمان وایە لاواز بوونی ئیسلام وردە وردە بناغەی نەتەوایەتی ئێران لاواز دەکات.

ــ بە سەرنجدان بە ڕەوتی سیکولاریزەبوونی کۆمەڵگە ئێمە پێمان وایە کە مەزهەب ناتوانێ هۆکاری یەکێتی وڵات پێکبێنێ، پێمان وایە بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری سیاسی و بنەما کولتورییەکان وەها دەورێك دەبینن، رای ئێوە لەم بابەتەوە چۆنە؟

ــ ئێمە مەبەستمان لە مەزهەب شەریعەتی ئیسلام نیە، بەڵکوو جۆرێك بەهای مەعنەوی و عرفانی ئێرانیمان مەبەستە، ڕێبازێك کە مرۆڤدۆستانەیە و لە ئێراندا پێشینەی مێژوویی هەیە، هەر لە سەردەمی زەردەشتەوە تا ئەمرۆ –زەردەشت خۆی عارفێکی گەورە بوو. ئەوەندە کە عرفان لە ئێران هەبووە لە هیچ وڵاتێکی تر نەبووە. کەوابوو ئێمە مەبەستمان لە مەزهەب نوێژ و ڕۆژوو نیە، بەڵکوو جۆرێك ڕۆحیەی فەلسەفی، عرفانی و اشراقیە. ئەم پرسە هەر لە سەردەمی هەخامەنشی تا ئەمرۆ هەبووە و جگە لە مەش پێمان وایە هەر تاکێك کە لە بزاڤی کۆمەڵایەتیدا بەشداری دەکات هەندێ بزوێنەری دەروونی هەیە، ڕاستە زۆر هۆکاری دەرەکی

وەك پرسی چینایەتی، نەتەوایەتی و هتد دەوریان هەیە، بەڵام ئێمە هۆكاری دەروونی و ویژدانی تاكەكان بە گرنگ دەزانین و پێمان وایە بەهادان بە دەروون و گەڕانەوە بۆ چەمك و مانا عرفانیەكان لە گەوهەری مرۆڤی ئێرانی دایە.

بۆوەی لە باسەكە دوور نەكەوینەوە دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم كە سەرەتای شۆڕشی 57 تا ساڵی 1360 لە هەرێمەكانی ئازەربایجان، توركمەنستان، خوزستان و كوردستاندا كێشە و شۆڕش هاتبۆوە ئاراوە و هەر كام لە قەومەكان بەجۆرێك خوازیاری جیابوونەوە بوو، بۆ نموونە لە كوردستان 3 حیزبی دیموكرات، كۆمەڵە و رزگاری خوازیاری جیابوونەوە لە ئێران بوون. كۆمەڵە لە هەمویان رادیكاڵتر بوو، بەڵام حیزبی دیموكرات میانەڕەو بوو، من ئەو كات بۆ خۆم چووبووم بۆ كوردستان و لەگەڵ هەموویان قسەم كرد، بەشێكی زۆر لە مەلا سونیەكانی كوردستان لەگەڵ حیزبی دیموكرات كەوتبوون، یانی حیزبی دیموكرات حیزبێكی چەپ و كۆمۆنیستی نەبوو، بەڵكوو حیزبێكی نەتەوەیی كورد بوو. هەموو ئەم حیزبانە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێران ناكۆكیان هەبوو، بەڵام هەندێكیان توندڕەو بوون و لایەنگری جیایی بوون، كەچی هەندێكیان خوازیاری خودگەردانی بوون. نە ئێمە و تەنانەت نە امام خومەینیش لەگەڵ خودگەردانی دژایەتیمان نەدەكرد. بەڵام لەگەڵ ئەوە كە كوردستان لە ئێران جیاببێتەوە و لەگەڵ كوردستانی عێراق و توركیا ببێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆ دژایەتی دەكەین.

ـ كۆمەڵە و دیموكرات هیچ كامیان جیاییخواز نەبوون، كوردەكان بەگشتی تەنانەت زۆرێك لە كوردەكانی عێراق و توركیا و سوریاش لەڕووی رەگەز و كولتورەوە خۆیان بە ئێرانی دەزانن، بەڵام ئەوە حكومەتی ناوەندی ئێران بووە كە بەردەوام كوردەكانی سەركوت كردووە و بەرەو جیایی پاڵی پێوەناون. تەنانەت ئەگەر كوردەكان خواستی سەربەخۆییشیان هەبێت ئەوە خواستێكی سروشتی و ئینسانیە و دەبێ بە رەسمی بناسرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ ئێمە پێمان وایە دەكرێ لەنێو قەوارەیەكی فیدراڵ دا نە هەر كوردەكان بەڵكوو هەموو نەتەوەكانی ئێران پێكەوە بژین.

– كۆمەڵە جیاییخوازە، بەڵام دیموكرات نا. كۆمەڵە نە هەر لەگەڵ حكومەتی مەلاكان بەڵكوو لەگەڵ دەوڵەتی بازرگانیش شەڕی دەكرد. دەوڵی بازرگان خۆ دەوڵەتێكی دیكتاتۆر نەبوو، دەوڵەتێكی دیموكراتیك بوو، كۆمەڵە لەگەڵ ئەویش شەڕی دەكرد. ئێمە خۆمان وەك گرووپی تایبەت چووین بۆ كوردستان، ئێمە بەتەواوی حیزبی دیموكراتمان رازی كرد، تا رادەیەك كە لە گەڵمان هاوكاری دەكرد، بەڵام كۆمەڵە وانەبوو. هێزی سەربازی پادگانی مەهاباد وەڕی كەوتبوو كە بچێ بۆ دەڤەری سەقز، كۆمەڵە لە دەرەوەی شاری مەهاباد ئەم هێزەی گەمارۆ

دابوو، دەیویست چەکی بکات. هەر بەمهۆیە لەنێو شاری مەهاباد لەدژی ئەم کارەی کۆمەڵە شۆڕش و خۆپیشاندان کرا. ئێمە خۆمان لەوێ بووین، خەڵك گوتیان ئەگەر کۆمەڵە ئەو هێزانە ئازاد نەکات، بنکە و بارەگاکانی دەسوتێنین. یانی لە واقیعدا سیاسەتی کۆمەڵە لەگەڵ حیزبی دیموکرات و لایەنگرانی کوردایەتی و وڵاتی ئێران جیاوازی هەبوو. هەر ئێستاش حیزبی کۆمەڵە لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری مەنسوری حیکمەت لە ئەوروپا پێکەوە هاوپەیمانن. مەبەستم ئەوەیە کە کۆمەڵە بەڕواڵەت دەڵێ کە لایەنگری جیابوونەوە نیە، بەڵام بەکردەوە بەرەو جیایی دەچێت. بەرەو دروستکردنی کوردستانی گەورە دەڕوات. ئێمە هەر ئەو کات لە کوردستان نەخشەی کوردستانی گەورەمان لە زۆربەی دوکانەکان دەبینی، ئەم نەخشەیە لە ئازەربایجانەوە دەستی پێدەکرد و تەنانەت لورستان و بەشێك لە خوزستانیشی دەگرتەوە. هەروەها کوردستانی عێراق و سوریاو تورکیاشی دەگرتەوە. ڕەنگە بەم دروشمە بەشێك لە خەڵکی کوردستان فریوبدەن، بەڵام ئەم کارە ڕێك وەك دروستکردنی ئیسرایل لە جەرگەی ڕۆژهەلاتی ناڤین وایە، یانی دەوڵەتێك کە لەگەڵ هەموان تەپڵی شەڕ لێدەدا، نە تورکیا، نە عێراق، نە ئێران ئەم شتە قەبول ناکەن، کەوابوو شەڕێکی هەمیشەیی هەڵدەگیرسێنێ. کەوابوو بۆ ئەوەی لەم شەڕەدا شانسێك بەدەست بێنن هانا بۆ وڵاتانی بیانی دەبەن. مەبەستم ئەوەیە کە وەها پڕوپاگەندەیەك ئەوکات لە کوردستان لەلایەن کۆمەڵەوە دەکرا. بەڵام زۆربەی بنەماڵەکانی کورد کە ڕەسەن و ئایینی بوون وەك بنەماڵەی مەردوخی وەها شتێکیان قەبوڵ نەبوو.

ــ ببورە جەنابی سەحابی پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەم، یەکەم ئەوە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ساڵی 1370 تووشی ئینشعاب هات و هەر ئەو کات کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ڕێبەری مەنسور حیکمەت جیابوونەوە، دوهەم جار ساڵی 1379 حیزبی کۆمۆنیست سەرلەنوێ تووشی ئینشعاب هات و ئەم جارە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان جیابوونەوە. کۆمەڵە گرنگی بە ڕپرسی نەتەوایەی دەدات و بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکانی ئێران سیستمێکی فدراتیڤی وەك ستراتژی خۆی ڕاگەیاندووە، هەروەها بیروڕای گشتی خەڵکی کوردیش سیستمێکی فیدراڵی پێ باشترە، ویستم لەم بابەتەوە ڕای ئێوەش بزانم.

– من بڕوام بە فیدرالیزم هەیە، بەڵام پێم وایە هێشتا کاتی نەهاتووە و دەبێ وردە وردە بەرەو وەها سیستمێك بڕۆین، منیش پێم وایە پێکهاتەی وڵاتی ئێران پێویستی بە سیستمیکی فیدراڵ هەیە، بەڵام فیدراڵیزمێك لە شێوەی ئەمریکا یان ئاڵمانیا، بەڵام دەبێ بە وەها ئاستێك بگەین کە بەرژەوەندی گشتی وڵاتمان بۆ گرنگ بێت. من پێم وایە فیدراڵیزم سیستمێکی

پێشکەوتووە، بۆ وێنە کوردستان ئەگەر فیدرالێزم پێڕەو بکات قازانج دەکات، بۆ چی؟ بۆ ئەوە کە سەرچاوەی پترۆڵ کە بەداخەوە تاقە سەرچاوەی وڵاتی ئێرانە لە هەرێمەکانی تر دایە، بەڵام بەسەر هەموو پارێزگاکاندا دابەش دەکرێت. یانی کوردستانیش لە وەها دەرفەتێك بەهرەمەند دەبێت. بەڵام ئەگەر جیاببێتەوە، وەها دەرفەتێکی لە کیس دەچێ و ناچارە لەگەڵ کوردەکانی ئێراق کە ئەوان نەوتیان هەیە یەك بگرێت. کەوابوو ئێمە فیدرالێزم بە سیستمێکی ئیدئال دەزانین کە دەبێ پێی بگەین، بەڵام هێشتا کاتی نەهاتووە و دەبێ زەمینەی بۆ هەموار بکەین. یانی دەبێ لانیکەم بەرنامەیەکی سەرەتایی 5 تا 10 یان 15ساڵە کاری بۆ بکرێت، ئەوسا بەکردەوە پێڕەو بکرێت. ئێمە نمونەی مێژوویمان هەیە کە لە مێژووی ئێراندا پێش سەفەویەکان ئەوکات کە ئێران بەشێوەی ویلایەتی بەرێوەبراوە و هەرێمەکان دەسەڵاتی تارێژەیەك سەربەخۆیان هەبوو، وڵات لە هەموو ڕوویەکەوە گەشەی کردووە. وەك دەزانین نوێنەرانی هەرێمە فیدراڵەکان لە دەوڵەتی ناوەندیدا یەکدەگرن و دەوڵەتی ناوەندی دروست دەکەن، کەوابوو ئەمڕۆ دەبێ بنەماکانی وەها دەوڵەتێکی ناوەندی پێکبێنین و تۆکمەی بکەین و لەنێو هەموو نەتەوەکان و بەتایبەت نەتەوەی کورد دا وەها دۆخێك پێکبێنین کە بناغەیی یەکێتی نەتەوەیی پتەو بێت، بەجۆرێك کە هەموویان ئێران بە نیشتمانی خۆیان بزانن و مناڵەکانیان بە وەها چەمکێك فێر بکەن، ئەو جار فیدراڵێزم پێڕەو بکەین. وەها بەرنامەیەك بە قسە ئاسانە بەڵام لە پراتیك دا کاری زۆری دەوێ. دەبێ سەنعەت و پیشەسازی پەرە بستێنێ و پاشان زەمینەی فکری و کولتوری بۆ پێکبێت، ئەو جار دەکرێ پراکتیزە بکرێت.

لەم بابەتەوە من هەندێ شتم لەمەڕ مێژووی دیموکراسی لە ئەوروپا خوێندوتەوە. بۆ وێنە ئەگەر بگەڕینەوە بۆ مێژووی شۆڕشی دیموکراتیکی فەرانسا، دەبینین دوو فاکتەر پێشتر چەسپابوون: 1) نیشتمانی فەرانسا، سەرنج بدەن لە فەرانسا هەر لە شۆڕشی مەزنی فەرانساوە تا دەسەڵاتی ناپلیۆن، تا گەڕانەوەی سیستمی پادشایی و شۆڕشی دوبارە و سێ بارە، هەر لە شۆڕشی بورژوا دیموکراتیکەوە تا شۆڕشی چینایەتی 1848 و تا کۆمۆنی پاریس، بەدرێژەی ئەم سەردەمە نیشتمانی فەرانسا بۆ هەموو گروپێك چ نەتەوایەتی، چ لیبراڵ چ دیموکرات و چ سۆسیالیست خۆشەویست و پیرۆز بوو، هەر بەمهۆیە لەئاست هێرشی بریتانیا و ئاڵمانیادا یەکیان دەگرت و بەرگریان لە نیشتمانی فەرانسا دەکرد. یان لە کاتی هێرشی نازیەکان لە ساڵی 1941 دا هەموو حیزبەکان (حیزبی کۆمۆنیست، حیزبی سۆسیالیست و حیزبی دیموکرات مەسیحی) هەمویان پێکەوە هاوپەیمانی و بزاڤی بەرەنگاری فەرانسایان پێکهێنا و لە ماوەی پێنج ساڵدا توانیان ئاڵمانیەکان تێکبشکێنن. دەمەوێ بڵێم کە چەمکی نیشتمان و

نەتەوەی فەرانسی خولقابوو و هەموو چین و توێژەکان بڕوایان پێ هەبوو. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە هێزە ئێرانیەکانیش هەر لە منی مەزهەبی تا کابرای کۆمۆنیست دەکرێ ناکۆکی و ململانێمان لەگەڵ یەکدا هەبێ، بەڵام دەبێ پۆ پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمان و نەتەوەکەمان یەك بگرین و پێکەوە خەبات بکەین. 2) لە فەرانسا و بریتانیا، هەروەها لە ئاڵمانیا لە سەردەمی بیسمارك دا جۆرێك ئوتۆریتەی دەوڵەتی ناوەندیان خولقاند. لە سەرەتای شۆڕشی فەرانسادا، لە سەردەمی ڕەشی تیرۆردا، فەرانسا زۆر لاواز بووبوو، بەجۆرێك کە سەڵتەنەتخوازان چوون لەگەڵ ئاڵمانیا و بریتانیا یەکیان گرت و هێرشیان کردە سەر فەرانسا، تا دواتر ناپلیۆن هات و جۆرێك ئوتۆریتەی بۆ وڵاتی فەرانسا گێرایەوە. هەر ئەم ئوتۆریتە بووە هۆی ئەوە کە شۆڕشی بورژوا دیموکراتیکی فەرانسا سەرکەوێت. کەوابوو ئوتۆریتەی ناوەندی و نەتەوەگەرایی و وەتەن پەرستی دوو هۆکار بوون کە پێش شۆڕشی دیموکراتیکی فەرانسا زەمینەیان بۆ ڕەخسا بوو، هەر ئەمە بوە هۆی ئەوە کە سەرەڕای شۆڕش و ئاژاوی فراوان (وەك دەزانین لە فەرانسا سێ جار شۆڕشی کرا) فەرانسا توانی بمێنێتەوە، ئوتۆریتەی دەوڵەتی فەرانسا وەك وڵاتێکی گەورەی ئەورووپای وەك خۆی مایەوە تا سەرئەنجام فەرانسای گەورە و پێشکەوتوو و دیموکراتیکی ئەمڕۆ پێکهات. بەڵام هێشتا لە ئێران ئەم شتانە ڕووی نەداوە، ئەگەرچی کوردەکان زۆر نیشتمانی ئێرانیان خۆشدەوێ و وەفادارن، بەڵام هەندێ گرووپ هەن وەك سەڵتەنەتخوازان کە دەیانەوێ ئەمریکا بێت حکومەتی دینی ئێران بڕوخێنێ و ئەوان بگێڕێتەوە. تەنانەت ڕەزا پەهلەوی چووبوو بۆ ئیسرائیل وەها داوایەکی ئاراستەکردبوو. ئەگەر هێزی بیانی بێن لە وڵاتێك جێگیر بن ئیتر دەرناچن. بۆ وێنە پێشتر ئەمریکا هات و ڕوسیای لە ئەفغانستان دەرپەڕاند، بەڵام بۆ خۆی هێشتا هەر لە ئەفغانستان ماوەتەوە، تەنانەت دەوڵەتی حامد کەرزای گوێ لەمستی ئەمریکایە. مەبەستم ئەوەیە کە دیموکراسی پێویستی بە پێشمەرج و هەلومەرجی شیاوی مێژوویی هەیە.

تاران، لەواسان، بەهاری 1381.

www.helwist.com